www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:44 28-2-2007

## سیستەماتیزەکردنی رەخنە، با رەخنە لە یەکتری بگرین ... ئەکرەم عەنەبی

لە کولتوری ئێمەدا رەخنە گرنگی خۆی لەدەستداوە، چونکە لێرە نە رەخنە لە واتای رەسەنی خۆیدا بەکار دەهێنرێت و نە نەخێر گوتنەکانی رەخنەگر بۆ ئامانجە زانستییەکان دەگوترێن، لێرە رەخنە جۆرێکی ترە لە شەڕی کۆمەڵایەتی و بوارێکی ترە بۆ رق لێبوونەوەی مرۆڤ و، لێیەوە کوشتن و رق و تەواوی هێزە شەڕانگێزیەکانی مرۆڤ دروست دەبێت.

لەم کولتورەدا (رەخنە) بەتەواوی مانا و شەقڵ و مەبەست و. . هتدی گۆڕاوە، هەر بۆیە ئیدی کەس ئامادەنییە بەبێ رق رەخنە بگرێت و کەسیش ئامادە نییە رەخنە قبوڵ بکات.

لێرە (پێناسەی رەخنە، خەتەری ژیان بێ رەخنە، بواری رەخنەگرتن، رەخنە لەکێ و لە چی و بۆچی گرتن، ئامانجی رەخنەگرتن. . . ) لەجێی خۆیدا نییە، بۆیە پێویستە سەرلەنوێ پێناسەی رەخنە بکەینەوە و ئەو چەمکە وابەستانەی سەرەوە بە رەخنەوە دووبارە شی بکەینەوە، چونکە لەراستیدا من ئامانجێکی دیکەم لەم بابەتە هەیە و بەنیازم رەخنە لە (بیرکردنەوەی ئایینی کوردی بگرم و پیاوەکانی بخەمە ژێر پرسیارەوە) رەخنەگرتن لە بیرکردنەوەی ئاینی جیاوازە لە باسکردنی ئاین و رەخنەگرتن لە ئاین، چونکە بیرکردنەوەی ئاینی مولکی مرۆڤە، بەڵام ئاین مەسەلەیەکی باڵاترە و لەنێو کایەی مرۆییدا نییە، دەکری ئێمە بپرسین بۆچی بیرکردنەوەی ئاینیی لەم کولتورەی ئێمەدا – بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا – کاریگەری لەسەر رەفتارەکان نییە و رەخنە لە پرەنسیپ و هۆکار و ئەداکردنەکەی بگرین – کە بەهیوام دەرفەتی باسکردنیم هەبێت -.

رەخنە لە بنەڕەتدا نەخێرگوتنە بۆ تەواوی کەموکورتییەکان، بێگومان ژیانی مرۆڤ و کایە مرۆییەکان هەرگیز بێ کەموکورتی نابن و ئەستەمە ژیان و مرۆڤ بە پلەیەك بگەن کە ئیدی لە کەموکورتی بەدەر بن، هەر بەمەش پێویستە هەمیشە رەخنە هەبێت و وێناکردنی جیهانێکی بێ رەخنە خۆی لە خۆیدا لە دەستەوسانی و گێلێتیەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتی کەموکورتی هەیە و مرۆڤیش دەرك بەم کەموکورتیانە دەکات، ئەڵبەت تەواوی مرۆڤ دەرك بە کەموکورتی دەکات، بەڵام لە ئاست و پلەی جیاوازدا مرۆڤ لە بوارەکەی خۆیدا زیاتر ئەم کەموکورتیانە دەبینێت.

رەخنە رازی نەبوونە بەو بارودۆخە باوە هەڵەیەی (بە بیروای رەخنەگر) کە باڵی کێشاوە بەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیاندا و بچوکترین رەنگدانەوەی ئەو رازی نەبوونەی ئێمەیە لە بەرامبەر ئەو بارە باڵایەدا، چونکە گەر مرۆڤ رازی بێت بەهەر بارودۆخێکی باو، ئیدی پێویستی بەوە نابێت لە بەرامبەریدا (نەخێر) بڵێت و پاشان شرۆڤەی بکات، رازی نەبوونی مرۆڤ لە بەرامبەر هەر شت و دیاردەیەکدا چاوی دەکاتەوە بۆ بینینی کەموکورتیەکانی ئەو شت و دیاردەیە و دەرگای رەخنەی بۆ دەخاتە سەرپشت.

رەخنە بوونی زات و جورئەتە لە خودی خۆیدا، جورئەتێك کە لە ئەنجامی رازی نەبوونەوە پاڵ بە رەخنەگرەوە دەنێت لە بەرامبەر دیاردە و شتە ناڕازیەکاندا نەخێر بڵێت و دەنگ بەرزبکاتەوە، جورئەت مرۆڤی مردوو زیندوو دەکاتەوە و نەزان زانا و خەوتوو بێداردەکاتەوە. جورئەت خەڵاتێکە کە مرۆڤ لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنەوە بەخۆیی دەبەخشێت و لە تاریکاییەوە نایەت، پرۆسەی چاندنی جورئەت لەخۆدا لە ئەنجامی هۆشیاری تاکەوە دەبێت، کاتی مرۆڤ خودی خۆی و دەورووبەری بەدروستی ناسی و سەرەنجامی حەتمی مرۆڤی دەرك پێکرد ئیدی بوارێك بۆ ترسی ناهێڵێتەوە، ئەو سەرەنجامەی کە رەنگرێژە بنەڕەتییەکەی لەسەرو مرۆڤدایە و نایەتە نێو کایە مرۆییەکانەوە گەر مرۆڤ جورئەتی نەبێت مەحاڵە هەرگیز رەخنە – بە مانا دروستەکەی – بێتە ئاراوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕەخنە فراوانکردنی جیهانبینی مرۆڤەکانە و ڕونکردنەوەی ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەوانە، چونکە گەر ڕەخنە هەبێت ئیدی هیچ کەس بەبی بەرپرسیاریەتی ڕەفتار ناکات و بارێك دروست نابێت کە تیایدا هەمووشتێك بگوترێت و بکرێت و بیر لە سەرەنجامی کارەکانی خۆمان نەکەینەوە.
ئەم هەستکردنە ئاستی بیرکردنەوە و تەنانەت ڕەفتاریش بەرەو باڵا دەبات و سودی گەورەی بۆ ژیان دەبێت.
ژیانی دروست بەبی ڕەخنەگرتن وجودی نابێت و نییە، چونکە لە نەبوونی ڕەخنەدا دۆگمایی لە مرۆڤ و بیری مرۆڤ و ژیانی مرۆڤدا دروست دەبێت و گۆڕان کایەیەکی پوچ دەبێت کاتێ (د. سورش) کەسێکی بێ باوەڕی بیرکەرەوە لە کەسێکی باوەڕداری دۆگما لە پێشتر دادەنێت لەو باوەڕەوەیە کە بەبی بیرکردنەوە ژیان بێ مانایە، تەنانەت باوەڕداریش.
لێرەدا باس لە چاکی کوفر و ئیمان نییە، بەڵکو باس لە بیرکردنەوە و دۆگماییە، بەبی ڕەخنە ژیان دەبێتە دۆگماییەکی قووڵ، کاتێ من لە هیچ ناڕازی نەبم و نەخێر بۆ هیچ نەکەم مانای دۆگمایی من دەبەخشێت، ئەو دۆگماییەی کە دواجار دەبێتە مایەی پوچی ژیان و دووبارەبوونەوەی نەریتیانەی تەواوی کایەکان.
لە کاتێکدا بەبی ڕەخنە گرتن ڕەوڕەوەی ژیان دەوەستێت ئیدی پێویستە مرۆڤ بەردەوام ڕەخنە بگرێت و لەم باوەڕەوە ڕەخنەگرتن دەبێتە زەرورەتێکی حەتمی و ناکری مرۆڤ بەبی ڕەخنە پێشکەوتن وێنا بکات و لێی بدوێت.
ئێمە ئەوکاتەی کە هۆشیاربووینەوە و لە پێناسەی دروستی ڕەخنە گەییشتین ئیدی فراوانکردنی ئایدیا و جیهانبینی خۆمان بە ئاسانتر دێتە پێش چاوان و دەتوانین وێنای بکەین. ئەم وتانەی من لە ئەلف و بێی سەرەتایی ڕەخنەگرتنن و هەموشمان دەیانزانین، بەڵام بەداخەوە لەبەر بەرژەوەندی یا خۆمانی لێ گێل دەکەین یاخود بە هەڵە پێناسەیان دەکەینەوە، زۆر جار لەم خۆد زینەوەیەدا گوێمان لێ دەبێت کە دەڵێن – بە تایبەتی ئەوانەی کە شتێکیان بەدەستە و مایەی ڕەخنە لێگرتنن – پێویستە ڕەخنە سنوری هەبێت و مرۆڤ ڕەخنە لە هەموو کەس و هەموو شتێك و هەموو دیاردەیەك و. . . . هتد نەگرێت. بەراستی من پێم وایە کە ڕەخنە دەبێت ڕاستگۆیانە بێت و هیچی دیکە مەرجی ڕەخنەگرتن تەنیا دوورکەوتنەوەیە لە درۆ و قسە هەڵبەستن ئەگەر نا هەر جۆرە سنوردارکردنێکی دیکە کوشتنی ڕەخنەیە. ناکری من ڕەخنە لە بیری فلان نوسەر نەگرم چونکە پیاوێکی کۆمەڵایەتی گەورەیە یاخود ئەندامێکی بەرزی حیزبە، ناکری من وەڵامی ڕەخنەی فلان نوسەر نەدەمەوە چونکە ئەندامێکی دیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و. . . هتد. وەك گوتم تەنیا مەرجی ڕەخنەگرتن ڕاستگۆییە لە گواستنەوەی زانیارییە پێویستەکاندا.
ڕەخنە لە چی و لە کێ گرتن:
کاتێ مرۆڤ بیر بکاتەوە بیر لە هەموو شتێك دەکاتەوە هەر لە ئەنجامی ئەم بیرکردنەوەشەوە ئیدی لە بیری مرۆڤدا تەواوی (دراو-input) ەکان هەڵ دەسەنگێنرێن و نرخاندنیان بۆ دەکرێت، ڕاستە زۆرینەی مرۆڤ بیر لە تەواوی (دراو–input) ەکان ناکاتەوە و نایانخاتە بازنەی نرخاندنەوە پاشان لە ئەنجامی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەم دراوانە هەر کەسێك بە شێوەی جیاواز پلەبەندییان بۆ دەکات و هەرکەسێك بەجیاواز ئەنجامی جۆراوجۆریان لێ هەڵدەهێنجێ، کە ئەم ئەنجامانە لە هەموو بارێکدا کاریگەری تاکەکەسی و بیری تاکانەی مرۆڤیان لەسەرە و ئەستەمە ئەنجامی یەك (دراو) ی هاوشێوە لای دوو مرۆڤی جیاواز (100%) هاوشێوەی یەکتر بن، بەمە ئیدی جیاوازی ئەنجامەکان لای مرۆڤ دەردەکەوێت و گرنگیی بیرکردنەوە دەردەکەوێت، لەبەر ئەم هۆیە من لەو بڕوایەدام کە پێویستە هەموو مرۆڤێك لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەموو شتێك بدوێت و تەواوی inputەكان بە دەزگای نرخاندن و پلەبەندی خۆیدا ببات، بەڵام ئەم كارە لە رووی پراكیتكیەوە ئەستەمە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك لەوانە:
- تەمەنی مرۆڤ بواری ئەو هەموو ئەزمونكردنەی نییە.
- توانای مرۆڤ سنورەكان نابەزێنێ.
- تەواوی سیستەمەكانی بیركردنەوەی مرۆڤ مەیلی بۆ خوێندنەوە و شرۆڤەی هەموو دراوەكان نییە. . . . .

بەهەرحاڵ لە رووی تیۆریەوە پێویستە بیر لە هەموو شتێ بكەینەوە و بەمە پێویستە هەموو شتێ بنرخێنین و دواجاریش رەخنە لەو شتانە بگرین كە پێیان رازی نین. بەڵام ئەم گشتاندنە تیۆریە - لە ئەمرۆی كولتوری ئێمەدا – گرفتی گەورەی كولتوری دەخولقێنێت و دەبێتە مایەی شەڕی نەریتی گەورە، لێرەشدا دەبێ یەكێك لەدوو رێگە هەڵبژێرن:
- واز لە رەخنەگرتن بهێنن.
- سنوری رەخنەگرتن دیاری بكەین.
ئەم دوو رێگەیەش هەردووكیان هەڵەن، چونكە رێگەی یەكەم بەرەو دۆگمایمان دەبات و رێگەی دووەمیش خۆی لەخۆیدا كوشتنی رەخنەیە بەناوی جیاوازەوە، ئێمە نابێ واز لە رەخنەگرتن بهێنین و نابێ سنورەكەشی تەسك بكەینەوە، پێویستە رەخنە لە هەموو شتێك بگرین و هیچ كایەیەكی مرۆیی نییە كە گرەنتی دەربازبوونی لە رەخنە هەبێت، پێویستە رەخنە لە كولتور، بیركردنەوەی ئایینی، سیاسەت، نەریت، كۆمەڵ. . هتد بگرین، تەنانەت دەبێ لەو بڕوایەشدا بین كە رەخنە لە (ئاین) یش بگیرێت و ناكری هیچ شت و كەس و دیاردە و. . . هتدێك لە بازنەی رەخنە ببەینە دەرەوە.
وەك گوتم هەموو بابەتێك لە تەواوی سەردەمە جیاوازەكاندا بابەتی رەخنە لێگرتنە، كاتی ئەمە حاڵی بابەتە جۆراوجۆرەكان بێت، ئەوا كەسەكان كە هەندێ جار لە بابەتەكان لە دواترن بە ئاسانی دەخرێنە بازنەی رەخنەگرتنەوە، واتە هەمووكەسێك لەو ئاستەدایە كە رەخنەی لێ بگیرێت – بێگومان كەسی عاقڵ و گەورە – بەڵام بەداخەوە لێرە و لەم نەریتەی ئێمەدا هەندێ كەس لەم بازنەیە دەربازدەكرێن و بەرزتر دەكرێنەوە، بۆ نموونە ناكری تۆ رەخنە لە بیری فلان نوسەری ئیسلامیی یان نەتەوەیی یا. . . . . هتد بگریت، چونكە ئەندامی باڵای حیزبێكی نەتەوەیی یان حیزبێكی ئیسلامیی یان. . . . . . هتدە.
گوتمان مرۆڤ هەرچی بێت گەر زۆرجار هەڵە نەكات و كەموكورتی نەبێت جاروبار هەڵە دەكات و كەموكورتی دەبێت، ئەم خەسڵەتەش سیمایەكی گشتی هەموو مرۆڤەكانە و كەسی لێ بەدەر نییە و لەم سیمایەشدا بەرپرس و پیاوەگەورەكان دەرنەكراون، جارێك ژنێك منداڵێكی هێنایە لای (گاندی) و پێی گوت منداڵەكەم شەكر دەخوات، ئامۆژگاری بكە با نەیخوات (كە ئەم كارە لای دایكی منداڵەكە مایەی نارازی بوون بوو) گاندیش پێی گوت برۆ هەفتەیەكی دیكە بیهێنەوە، پاش هەفتەكە كە دایكی منداڵەكەی هێنایەوە گاندی پێی گوت رۆڵە شەكر مەخۆ! دایكی منداڵەكەش گوتی گەر هەر ئەوەندەبوو بۆچی هەر هەفتەی پێشوو پێت نەگوت، گاندیش گوتی: ئاخر هەفتەی پێشو خۆشم شەكرم دەخوارد و لەم ماوەیەدا تەركم كرد. مەبەستم لەم چیرۆكە ئەوەیە كە لەوێدا گاندی – كە لای هیندیەكان وەكو پێغەمبەرێك سەیر دەكرا – لای دایكی منداڵەكە دووچاری رەخنە دەبێتەوە و ئەو كەسایەتیە خەیاڵییەی لەدەست دەدات، چونكە بەبڕوای دایكی منداڵەكە گاندیش كەموكورتی هەیە، لای من ئەمە كەموكورتی گاندی نییە، بەڵام دڵنیام گاندیش كەموكورتییەكی هەبووە و ناكری لە رەخنە بەدور بێت، بۆیە لە كاتی رەخنەگرتندا پێویستە دڵنیابین لەوەی كە هەموو مرۆڤێك كەموكورتی هەیە و هەربەمەش

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیدی شیاوی رەخنەلێگرتنە و لە پرۆسەی رەخنەگرتندا هیچ كەسێك بە مەعسومی نامێنێتەوە و كەسیش نییە كە لەسەرووی سنووری رەخنەگرتنەوە بێت.

رەخنە بۆچی گرتن:

گرنگی رەخنە لەوەدایە كە هیچ كەس و هیچ شتێكی لێ دەرنەكرێت كە رەنگە زۆرجار ئەمە – لای هەندێ كەس بە بەرەڵایی بدرێتە قەڵەم و دواجار بەم خاڵەی ئێستا سنورداری بكەنەوە.

واتە بگوتری پێویستە بزانین رەخنە بۆچی دەگرین گەر (بۆچی) ببێتە مایەی رەتكردنەوە و سنورداركردنی بواری رەخنە من رەتی دەكەمەوە، چونكە لێرەدا من باسكردنی ئەم بۆچییە بۆ فراوانتركردنی سنوری رەخنە دەهێنمەوە لە راستیدا ناكری ئێمە دڵنیابین و تەواوی مرۆڤیش دڵنیا بكەینەوە لە هۆی رەخنەگرتنمان پاشان رەخنە بگرین، ئەسڵەن ناكری پرسیار لەوە بكرێت بۆچی رەخنە بگرین، چونكە رەخنەی دروست زیاتر لە هاوارێك دەچێت و كاردانەوەی ناخە ناڕازیەكانە لە بەرامبەر كەس و شت و دیارە جیاوازەكاندا و ئەم پرسیارە گەر بۆ زیاتر شرۆڤەكردنی سنوری رەخنە نەبێت بۆ رەخەگرە سەرەتاییەكان پرسیارێكی فێلاوییە و دواجار كوشتنی رەخنەیە.

ناكری من بەتۆ بڵێم دەبێ بزانم بۆچی رەخنەم لێدەگیریت و ئامانجی ئەم رەخنەگرتنەت چییە، ئەسڵەن پرسیارێكی لەم جۆرە قۆرغ كردنی عەقڵەكانە.

هەركەسێك بە هۆیەكەوە رەخنە دەگرێت، هەروەك چۆن هەركەسێك لە كات و ساتی جیاوازدا دیاردە و دراوەكانی دەرەوە ئامانجی جیاوازیان بۆ دەخولقێنێ و هۆكار و پاڵنەری جیاوازیان لە ژیاندا پێ دَەبەخشێ، مەرج نییە هۆی رەخنەگرتنی دوو كەس لە هەمان دیاردە و لە هەمان كات و شوێندا هاوشێوەی یەكتری بێت. ئەسڵەن وا راستترە كە وەكو یەكتری نەبێت و هاوشێوەكردنی مرۆڤ لە بیركردنەوەدا بە ئامێركردنی مرۆڤە بە هەموو واتاكانیەوە.

وەكو گوتم مەرجی رەخنە راستگۆییە نەك بۆچی رەخنەگرتن. بە دروستی سەیركردنی رەخنە و پرۆسەی رەخنەگرتن لە رووی (هۆكاری رەخنەگرتنەوە) لەوەدایە كە پرسیار لە هۆی رەخنەگرتن نەكرێت، چونكە ئەم پرسیارە دواجار هەموان دووچاری گومان و دوودڵی دەكات، بۆ نموونە كاتی من رەخنە لە تۆ دەگرم، تۆ لەبری خوێندنەوەی رەخنەكە بەدوای هۆی رەخنەكەی مندا بگەڕێیت لە هەڵەیەكی گەورە دایت، كاتی تۆ بیر لەوە دەكەیتەوە كە رەنگە من رقم لەتۆ بێت یا هەر هۆكارێكی دیكەی لەو بابەتە ئیدی خودی رەخنەكە ون دەبێت و شتی دیكە دێتە ناوەوە.

رەخنە ئەنجامی هۆی جیاوازی دەرەوەی خۆی نییە بەڵكو پرۆسەیەكی هزری و عەقلانیە و لە ناڕەزاییەوە سەرچاوە دەگرێت و پەیوەندی بەو حاڵەتەوە هەیە كە لە ئێستادا بوەتە مایەی رەخنە لێگرتن و دروستكردنی رەخنە. كاتی رەخنە لە بیری نوسەرێك یا هەڵوێستی كەسایەتیەكی جۆراوجۆر دەگیرێت دەبێ لەوە دڵنیا بێت كە رەخنەگر لەو بیر و هەڵوێستەی ناڕازییە و لە بەرامبەریدا نەخێر دەڵێت، تێگەیشتن لەمە زۆر لەوە سوودبەخشترە كە بەدوای پاڵنەر و هۆكارەكانی ئەم رەخنە گرتنەدا بگەڕێت و خۆی و رەخنەگر و كۆمەڵگەش دوچاری شەڕی نەخوازراو بكاتەوە، مامەڵەكردنی دروستی رەخنەلێگیراو لەگەڵ خودی رەخنەكەدایە نەوەك لەگەڵ هۆی رەخنەگرتنەكە و، بە بڕوای من هەرجۆرە سنورداركردنێكی رەخنە بەناوی (چۆنیەتی) یەوە كوشتنی رەخنە و پاوانكردنەی عەقڵی مرۆڤە.

ئەنجامی رەخنەگرتن:

لە كولتوری ئێمەدا رەخنەگرتن ئەنجامی نەخوارزراوی دەبێت كە گەلێ دوورە لە ئەنجامە دروستەكانی رەخەگرتن. بە هەرحاڵ لێرەدا دواجار بێدەنگ دەكرێیت و لەبری ئەوەی رەخنە ببێتە هۆی نەمانی دیاردە نەخوازراو و نەشیاوەكان دەبێتە هۆی زیاتركردنیان و وەرگرتنی دژە رەخنە و گۆڕینی جۆری دیاردەكان.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كاتێ كە یاسایەكی دروستی رەخنەگرتن هەبێت ئەنجامەكانی رەخنەگرتن سودی زۆریان دەبێت، رەخنە كاتی نەخێرگوتن و نارەزایی گوتنە بەرامبەر دیاردە و رەفتار و بیرێك ئەوا لە دوو حاڵەت بەدەر نییە:
1- ئەو رەخنەیە لەسەر زانیاری هەڵە و هەڵبەستراو بونیاد نراوە.
2- ئەو رەخنەیە لەسەر زانیاری راست و دروست بونیادنراوە.
هەندێ جار كاتی رەخنەگر رەخنەیەك لە بیرێك یان كەسێك دەگرێت و پشت بە زانیاری هەڵە و تەنانەت هەڵبەستراویش دەبەستێت ئەوكاتە دەكری یاسایەك هەبێت بۆ لێپرسینەوە لەم جۆرە لادان و هەڵبەستنە و خودی رەخنەگر دوچاری لێپرسینەوە ببێت و رەخنەلێگیراو قەرەبوو بكرێتەوە (لەرووی مادی و مەعنەویەوە) . لەم بارەدا ئیدی رێگە لە رەخنەی بێ بنەما و هەڵبەستراو دەگیرێت، بەڵام گرنگیی ئەم خاڵە لە كاتێكدایە كە یاسا پیادەی بكات و بە ئارەزوو و مەیلی هەندێ كەسی دەسەڵاتدار و بۆ هەندێ كەسی بێ دەسەڵات نەبێت واتە: گەر منی بێ دەسەڵات رەخنەم گرت بەناوی زانیاری نادروستەوە تۆی دەسەڵاتدار ستەمم لێ نەكەیت و، هەروەها گەر منی بێدەسەڵات رەخنەم لێگیرا تۆی دەسەڵاتدار بە ناوی زانیاری دروستەوە ستەمم لێنەكەیت و مافی زەوتكراوم قەرەبوو بكەیتەوە، لێرەدا دەسەڵاتی دادپەروەر و یاسایی گرنگی خۆی دەبێت هەروەك چۆن لە هەموو بوارەكانی دیكەشدا گرنگە.
خاڵی دوەم ئەو رەخنەیەی كە لەسەر زانیاری راست و دروست بونیادنراوە، لەم بارەدا پێویستە دەسەڵات بەدواداچوون بۆ ئەو رەخنانە بكات و لەلایەنی بەرامبەر بپێچێتەوە و بریاری پێویست و دروستی لە بەرامبەردا دەربكات، واتە كاتی رەخنەكانی من لە ئەوی دەسەڵاتدار راست و دروستترە پێویستە دەسەڵات لێپرسینەوە لەو بكات و بریار لەسەر كار و بیرەكانی بدات، لێرەدا زیاتر مەبەست لە رەفتارە نەوەك بیر، چونكە مرۆڤ ئازادە لە خستنەڕوی بیرەكانیدا تەنانەت گەر هەڵەش بن. بەداخەوە لێرەدا لەم كاتەشدا لەبری لێپرسینەوە لە رەخنەلێگیراو كە بە ئاشكرا لادانەكانی دیارە رەخنەگر دوچاری لێپرسینەوە دەبێت.
ئێمە پێویستیمان بە رەخنەی جدی هەیە، بە بڕوای من رەخنەی جددی بەم جۆرەی سەرەوەیە كە باسم كرد، رەخنەیەك كە دواجار رەخنەگر لە لایەكەوە گەر بێ دەسەڵات بوو لە گیانی خۆی نەترسێت و ئەگەر دەسەڵاتداریش بوو گوێ بە هیچ نەدات) .
لەكۆمەڵگەیەكی داخراودا رەخنەگرتن لە هەرشتێك كارێكی ئەستەم و بێزارە، بەتایبەتی ئەوكاتەی ئیدی رەخنە لەگەڵ دیاردە كۆمەڵایەتییەكان و. هتد . تێكەڵاو دەكرێت، لەم جۆرە كۆمەڵگەیەدا خەتەرترین رەخنە - بۆ خودی رەخنەگر - رەخنەگرتنە لە بیركردنەوەی ئاینی و كولتور، چونكە بیركردنەوەی ئاینی بوەتە بەشێكی دیاری كولتوری نەتەوە داخراوەكە بەڵام ناكری تا دواین ساتی ژیان هیچ كەسێك نەبی رەخنە لەم جۆرە بیركردنەوەیە نەگرێت و گوتارێكی رەخنەئامێزی ئاینی نەهێنێتە ئاراوە.
من هەوڵ دەدەم رەخنە لە بیركردنەوەی ئاینی خۆمان، رەخنە لە بیركردنەوەی سیاسی - ئاینی خۆمان، رەخنە لە هەڵوێستی پیاوە ئاینییەكانی خۆمان، رەخنە لە بیركردنەوە و ئایدیای پیاوە ئاینییە سیاسییەكانی خۆمان بگرم. بەهەرحاڵ دەمەوێ بە دیدێكی رەخنەگرانەوە لە بیركردنەوەی ئاینی خۆمان بدوێم، ئەم پرۆژەیەشم تازە نییە، هەروەها مەبەستیشم لە هەڵبژاردنی رۆژنامەی (یەكگرتوو) بۆ بڵاوكردنەوەی ئەم بابەتانە لەو روانگەیەوە كە ئەم رۆژنامەیە بەو خوێنەرانە دەگات كە گرنگی بەم جۆرە نووسینانە دەدەن، هیواخوازم (یەكگرتوو) تەواوی ئەو بابەتە رەخنەیانە بڵاو بكاتەوە كە لە ئەنجامی ئەم وتارانەوە دێنە ئارا یاخود رەخنە لەم وتارانە دەگرن.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.